**زانیاریی تایبەتمەندێتیی Step Together**

تایبەتمەندێتی و هەر زانیارییەک کە خۆت لە ڕێگەی ئەم هێڵی یارمەتییەوە هاوبەشی پێ دەکەیت بە ڕێزەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. دەتوانیت داوای ئەوە بکەیت ناسنامەکەت بە نهێنی بمێنێتەوە و ئێمەیش هیچ پەیوەندیەکمان بە هێزەکانی چەسپاندنی یاساوە نیە. وەک هەموو خزمەتگوزارییەکانی پشتیوانی، ئەرکی ئێمەیە چاودێریی تۆ بکەین ئەگەر ئاگاداربوین هەر مەترسییەکی لەناکاوی سەلامەتی هەیە، بەڵام هەموو زانیارییەکان بەپێی یاسای تایبەتمەندێکیی NSW مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.

**دەتوانم پەیوەندی بە هێڵی یارمەتیی Step Together بکەم و بە نەناسراوی بمێنمەوە؟**

بەڵێ، دەتوانیت داوای ئەوە بکەیت بە نەناسراوی بمێنیتەوە چونکە Step Together خزمەتگوزارییەکانی هاوکاریی نهێنیپارێزە. پێدانی هەندێک یارمەتیی ڕەنگە پێویست بێت بۆ ئەوەی ئەو یارمەتیەت بۆ دابین بکرێت کە پێویستتە، بەڵام ئەمانە بە زانیاریی کەسی پۆلێنبەند دەکرێن و بە تۆکمەیی بەپێی پلانی بەڕێوەبردنیی نهێنیپارێزیی Department of Communities and Justice هەڵدەگیرێن. پەیوەندیەکان تۆمار دەکرێن و بە تۆکمەیی هەڵدەگیرێن و ڕەنگە بۆ مەبەستەکانی چاودێریی، کوالیتی و ڕاهێنان بەکاربهێنرێن. زانیارییەکان ڕەنگە بۆ لایەنی سێیەم ئاشکرا بکرێن بۆ ڕاپۆرتەکانی سەرپێچیی تاوانکاریی، مەترسیی پێشهاتەیی لەسەر منداڵان یان مەترسییە ڕاستەوخۆکانی سەر سەلامەتی. هەروەها بەپێی برگەی 316 لە *Crimes Act 1900*، ناچارین ڕاپۆرتی سەرپێچیی تاوانباریی جدیی بدەین.

**چی بەسەر زانیاریەکانم دێت؟**

و: هەر زانیارییەک کە کۆی دەکەینەوە بەکاردەهێنرێن بۆ ئەوەی باشترین هاوکاریی شیمانەییت بەپێی پێویستیەکەت پێشکەش بکەین، وە بەپێی یاسای نهێنیپارێزیی NSW هەڵدەگیرێن. وەک خزمەتگوزارییەکی دەستێوەردان و چارەسەری سەرەتایی کە هەوڵی پێدانی زانیاری و ڕەوانەکردن دەدات، دەتوانیت داوای یارمەتی و زانیاریی لە Step Together بکەیت بەبێ ئەوەی ترست هەبێت لە تێوەگلانی هێزەکانی چەسپاندنی یاسا. دەتوانیت داوای ئەوەیش بکەیت ناسنامەکەت تۆمار نەکرێت. سەرەڕای ئەوە، ئەگەر ئاگاداری ئەوە بووینەوە، هەڕەشەی جدیی لەسەر ژیان، تەندروستی یان سەلامەتیی خۆت و ئەوانی دیکە هەیە، یان مەترسیی زیانگەیاندنی بەرچاو بە منداڵان هەیە، ئێمە هانی تۆ دەدەین پەیوەندی بە خزمەتگوزارییەکانی کتوپڕی یان پۆلیس بکەیت و ڕەنگە ئێمەیش پێویست بێت هەمان کار بکەین.

# ئاگاداریی نهێنیپارێزی

یاسا کارپێکراوەکانی تایبەتمەندێتیی حکومەتی NSW لە کۆکردنەوە، هەڵگرتن، بەکارهێنان و ئاشکراکردنی زانیاریی کەسی و تەندروستیی لە لایەن *Privacy and Personal Information Protection Act 1998 (NSW)* و *Health Records and Information Privacy Act 2002 (NSW)* ڕێکدەخرێت. ئەم یاسایانە بنەمای تایبەتمەندێتییان هەیە کە پێمان دەڵێن:

- چی زانیاریەک کۆدەکەینەوە و چۆن کۆی دەکەینەوە
- چۆن زانیاریی کەسی و تەندروستی هەڵدەگرین و دەیانپارێزین
- چۆن دەزانیت چی زانیاریەکمان هەڵگرتووە و چۆن ڕاستی بکەینەوە ئەگەر هەڵە بوو
- چۆن دەتوانین زانیاریەکانت بەکاربهێنین و ئاشکرایان بکەین بە لەخۆگرتنی پارێزبەندیی تایبەتی بۆ زانیارییە تەندروسی و هەستیارەکانی دیکە.
- چۆن دەتوانیت سکاڵا بکەیت دەربارەی پێشێلکردنی تایبەتمەندێتیت.

ئەم ئاگاداریی تایبەتمەندێتییە شمولی Department of Communities and Justice (بەشەکە) و هەموو ئاژانسە پەیوەندیدارەکانی دەکات کە پابەندی یاسای تایبەتمەندێتیی NSW دەبن لە کاتی کۆکردنەوە و مامەڵەکردن لەگەڵ زانیارییە کەسی و تەندروستیەکان. ئەو زانیاریانەی لە تۆ یان لایەنێکی سێهەمی ڕێگەپێدراو کۆیان دەکەینەوە لە لایەن بەشەکەوە هەڵدەگیرێن و بەکاردەهێنرێن بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و جێبەجێکردنی بەرپرسیارێتییە یاساییەکانمان. هەروەها ڕەنگە لە ناو بەشەکەدا زانیاریەکانی تۆ،بەگشتی، بەکاربهێنین بۆ پلاندانان، ڕێکخستن و باشترکردنی شێوازی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکانمان. بەشەکە هەروەها بەیاسایی ڕێگەپێدراوە لە دۆخی تایبەتدا زانیاریی بۆ دەزگا دەرەکیەکان ئاشکرا بکات.

## زانیاریی زیاتر دەربارەی مافەکانی تایبەتمەندێتیت:

- تەلەفۆن: 02 9716 0662
- TTY: 02 9377 6167
- ئیمێڵ: privacy@facs.nsw.gov.au

Privacy Policy PDF, 191.86 KBی بەشەکە شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ زانیارییە تەندروستی و کەسیەکانی بەشەکە دیاری دەکات. هەروەها باسی ئەوەیش دەکات چۆن بەشەکە مامەڵە لەگەڵ زانیاریی کەسی و تەندروستی و داتا کۆکراوەکانی دیکە دەکات. سیاسەتی تایبەتمەندێتیی بەشەکە چوارچیوەی کار دابین دەکات کە دیاری دەکات چۆن بەشە زانیارییە کەسی و تەندروستیەکان کۆنترۆڵ دەکات. ئێمە پابەندین بەشێوەیەکی بەرپرسیار و گونجاو کۆنترۆڵی ئەو زانیاریانە بکەین کە کۆی دەکەینەوە و تایبەتمەندێتیی خاوەن پشکەکان، ستافەکە و ئەندامانی گشتیی بپارێزین.

بەشەکە هەروەها بەم زوانە Privacy Management Plan PDF, 302.45 KBی خۆی نوێکردنەوە کە باسی ئەوە دەکات چۆن بەشەکە پابەند دەبێت بە بەرپرسیارێتیەکان بەپێی *Privacy and Personal Information Protection Act 1998* و *Health Records and Information Privacy Act 2002*.

ئەم بەیاننامەی تایبەتمەندێتییە شمولی هەموو لاپەڕە فەراهەمکراوەکان بۆ کۆمەڵانی خەڵک لەسەر ئەم ماڵپەڕە دەکات.

بەشەکە هیچ بەرپرسیارێتیەکی نیە بەرامبەر هەر سیاسەت یان مەشقێکی تایبەتمەندێتی کە ماڵپەڕەکانی دەرەوەی بەشەکە دەیبەستنەوە بەم ماڵپەڕەوە.

پرسیارەکان دەربارەی شمولکردنی ئەم سیاسەتی تایبەتمەندێتییە یان داواکردنی دەستگەیشتن بە زانیاریی دەبێت بە نووسراو ئاڕاستەی ئەم ناونیشانی خوارەوە بکرێت:

**Open Government, Information and Privacy Unit**
Department of Communities and Justice
Locked Bag 4028
Ashfield NSW 2131